سەید حەکیم لەدایکبوونی پێغەمبەر وێستگەیەك بوو بۆ زیندووکردنەوە و بنیاتنانی دەوڵەت

سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە میانەی گوتەیەکی بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن گوتی (ئەم بۆنەیە تەنها بریتی نییە لە مەراسیمەکان و ڕێوڕەسمەکان بەڵکو وێستگەیەکی شارستانی گرنگە بۆ زیندوو کردنەوەی بەهاکانی مرۆڤایەتی گەورە وەك ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دادپەروەری و بەزەیی کە ئەوە لە پەیامەکەی پێغەمبەر بەرجەستە دەبێت.
سەماحەتی داوای کرد ئیلهام لە ژیاننامەی پێغەمبەری گەورە(د) لەسەر بێت وەربگرن لەگەڵ ئەهلی بەیت (سلاویان لێبیت) و بیکەن بە بنەمایەك پراکتیکی بۆ ژیانی رۆژانە ئەوەش دەبێتە هۆکاری چەسپانی رەوشتی باش و هەڵویستی مرۆڤانە و نیشتمانی.

جەنابی حەکیم لەوتارەکەیدا پڕۆژەیەکی نیشتمانی بەناوی پڕۆژەی پێغەمبەر بۆ عێراق دەستپێکرد کە لەسەر بنەماکانی دادپەروەری و یەکڕیزی و خزمەتی گشتی دامەزراوە و ئامانجی ئەوەیە عێراق ببێتە سەکۆیەک بۆ گفتوگۆی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە بەزەیی و ئاشتی بڵاو بکاتەوە.

سەید حەکیم یەکڕیزیی نیشتمانی تەئکید کردەوە و جەختی لەسەر گرنگی یەکڕیزی نیشتمانی کردەوە و بەقەڵغانێکی بنەڕەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی رکابەرییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی زانی و داوای پتەوکردنی ڕیزەکانی نیشتمانی لەڕێگەی لێکتێگەیشتن و یەکخستنەوە کرد.
هەروەها جەختی لەسەر پێویستیی به هێزکردنی گەنجان و ژنان کرده وه و به ڕای ئە وەی ئاینده ی عێراق به داهێنان و هەوڵەکانیان له بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەدا گرێدراوه و داوای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازیی ڕاستقینەی کرد کە متمانەی هاوڵاتیان بۆ دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەگەڕێنێتەوە.

لەسەر ئاستی سیاسی سەید حەکیم داوای کرد بەشداری کردنی هۆشیارانە و کاریگەر لە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکرێت و رکابەری لەسەر بنەمای بەرنامە و کارامەیی و دە ستپاکی بێت دوور لە گوتاری ڕق و جیاکاری.

.

سەماحەتی هۆشداری دا لەشەڕی ئایدیۆلۆژی کە گەنجان و پێکهاتەی کۆمەلایەتی دەکاتە ئامانج و جەختی لەسەر گرنگی گوتاری نیشتمانی بەرپرسیارانە کردەوە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاستەنگیانە و پێویستی بەهێزکردنی ناسنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیری نەتەوەیی...

سەید حەکیم هاوسۆزی عێراقی لەگەڵ پرسەکانی گەل و بەتایبەت کێشەی فەلەستین دەربڕیت و پێشێلکارییە بەردەوامەکانی ئیسرائیلی ئیدانە کرد و پشتیوانی عێراقی بۆ چەوساوەکانی سوریا و لوبنان و یەمەن و ئێران و قەتەر دووپاتکردەوە...

هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە بەها و ڕەوشت بناغەی ژیانەوەن و ئاماژەی بەوەدا کە سامانی ڕاستقینەی نەتەوەکان لە رەوشتەکانیان دایە و دابەزینی بەهاکان بە ناچاری دەبێتە هۆی ڕووخانی نەتەوەکان.

لەکۆتایی گوتەکەی داوای کرد قوربانی شەهیدانی باسکرد بۆ بنیاتنانی ولاتێکی سەردەمی دادپەروەرانە کە مافی هاولاتیان بپارێزێت و داهاتوێکی پڕشنگداریان لەگەڵ نەوەکانی داهاتوو بۆ دابین بکات...